# ستەمکارە بچوکەکەی ناو ناختان بکوژن

## ستەمکاری تەنها کۆنترۆڵی ئەو پارە و داراییانە ناکات کە پێتدەگات، بەڵکو لە ئارامی و دەرونیش داتدەماڵێت

**تورکی ئەلدەخیل**

**لە عەرەبییەوە: ئایدیا**

لە گەرمەی قسەکردن لەسەر پرسی ستەمکاری و بیری ستەمکارانە لەم سەردەمەدا بیرۆکەیەکی (عەبدولڕەحمان مونیف)م بیرهاتەوە کە دەڵێت:»ئەوەی لە ڕەوشێکی ستەمکارانەدا بژی، هەمیشە خواستی ستەمکارانەی خۆی لەوانەدا بەتاڵ دەکاتەوە، کە لەخوار خۆیەوەن و لە پلەیەکی نزمدان، تەنانەت لەوانەیە هەندێکجار جوتیارێک لەگەڵ زەویەکەیدا توندوتیژی بنوێنێت».

لە ڕاستیدا ستەمکاری پەتایەکە لە سەرەوە بۆ بناغەی ژێرەوە بڵاودەبێتەوە، هەمیشە تاکی عەرەبیش لە مێژووەدا لەناو چەند دۆخێکی ستەمکارییانەی زۆر دانسقە و سەیرو سەنجڕاکێشدا ژیاوە. کاتێک بۆ نمونە هەندێک سەرکردە دەهێنینەوە ڕاستەوخۆ بیرمان هیتلەرو ستالین و ماوتسی تۆنگ و ئەو ستەمکارانەی تریشمان دێنێتە پێشچاو، کە هەمیشە دڵڕەقانە خەڵکیان داپڵۆسیوە، پاشان خەڵک لەژێر دەستیاندا بە ناچاری هەستیان بە چەوساندنەوەی بێدەنگ کردوە، لەوانەشە ستەمکاری و توندوتیژیان بە قسە و دەربڕینیش پەیڕەو کردبێت، بەڵام ئەو تاکەی کە لە شوێنێکی ئارامی بێ ژاوەژاودا دەژی کاتێک کەشێکی پڕ دادوەری و سەقامگیری و دابەشکردنی مافەکان بە یەکسانی و سەروەری یاسای تێدا بەرقەرارە، ئەوانە لە ئارامیەکی دەرونی و ڕۆحیدا دەژین.

گومانی تێدان نییە کە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان لە بەیانیدا تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە گرنگی بە هەواڵ و کاروباری ئەو بەرپرسانە دەدەن کە هەقوایە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، جگە لەو لایەنانەی

که بۆ بەرژەوەندیان کاردەکەن، ئەگینا مافی ئەوەیان هەیە ناڕەزایی دەرببڕن لە بەرامبەر دورخستنەوە و سستی نواندن و کات بەسەربردن، چونکە لە ژیاندا هەر شتەو چێژی خۆی هەیە، زۆرجاریش ئەمەیە باروودۆخی دەوڵەتان کە بە ماکینەی هەڵسوڕانی خەڵک بەڕێوە دەبرێت، واتا بە پێشکەشکردنی دەنگیان و بە بەکارهێنانی ویژدانیان، بۆیە بەردەوام لە ئارامی و بێوەیی و پێشەوەچووندا دەژین، بەڵام ئەو تاکەی کە بە داماوی و وەکو مرۆڤێکی بەدبەخت و داماو لەدایکبووە هەرگیز ناتوانێت هیچ بکات جگە لە خزمەتکردنی سنەمکاری و سنەمکاران، بەڵکو نوێژەرەوە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوایە شتێک هەیە دەکرێت بە (ئالودەبوون بە سنەمکاری) ناوزەد بکرێت، بە جۆرێک کە عاشقی مرۆڤی سنەمکار دەبێت، تا وەک ئەو بەندیەی لێدێت کە بەدوای جەللادەکەیدا دەگەڕێت، یان ئەو باڵندەیەی بۆناو قەفەسەکەی دەشنێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە ناوی.

بیرمەندی بەناوبانگی عیراقی عەلی وەردی ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردوە و دەڵێت: «سنەمکاری تەنها کۆنترۆڵی ئەو پارە و داراییانە ناکات کە پێت دەگات، یان ئەو ئازادیە بەتاڵانبراوەی کە لێنزەوتکراوە، بەڵکو لە ئارامی دەرونیش داتدەماڵێت، لەکاتێکدا پێویستت پێیەتی، لەبەرئەوە پێموایە لەناو زۆرێکماندا دیکتاتۆرێکی بچوک هەیە. لەوانەیە لە دژی منداڵەکانمان یان خزمەتکاری ماڵەوە و فرۆشیار و پیاوی نانەواخانە سنەمکار بین، بەڵام لەبیرمان چووە کە ئەم وشکیەی ئێمە دەینوێنین بۆ خۆی سنەمکاریە. کاتێکیش پێناکەنین و زەردەخەنە ناچێنە سەر لێوانمان، یاخود ڕق هەڵدەگرین و شەڕەنگێز دەبین، ئەوە بێگومان پەیڕەوی سنەمکاریمان دەکەین، بۆیە پێویستە لەسەر هەر یەکێکمان ئەو سنەمکارە لەناوبەرین کە لە ناخماندایە. ئەگەرچی شارەزایانی بواری دەمارگیری لەڕووی زمانەوانیەوە دەڵێن «دێوەکە لە ناخندا بەخەربەر هات»، بەڵام من داوا دەکەم ئەو سنەمکارە بچوکە بکوژین کە لەناو ناخماندایە، بەڵکو ئەمە تەنها حاڵەتی کوشتنێکە کە پێویستە لەڕووی شەرعی و یاساییەوە بکرێت.

بەڵێ سنەمکاری دێت و دەڕواو دابەشدەبێت و دەبێتە شتێکی بەربڵاو، کاتێکیش ژینگەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەشی ئارامی خۆیان، ئیتر مرۆڤ بەهۆش خۆیدا دێتەوە و بەرگی سنەمکاری و خراپەکاری لەخۆی دەکاتەوە. ئەو شۆڕشانەی ئەمڕۆ لە هەندێک وڵاتدا بەرپابوون سەرەتا پێویستە ئامانجیان بەگژداچوونەوەی سنەمکاری خودی بێت، بە تایبەتیش دژی ئەو سنەمکارە بچوکەی کە لەناو ناخماندا هەیە بەر لە هەر شتێک، بەڵام شۆڕشی شکڵی و لەرزۆک کە شۆڕشێکی فیکری نەبێت و نەتوانێت گۆڕانکاری قوڵ لە بیروڕا و تێڕوانین و بۆچوونەکاندا نەکات، هەرگیز ناتوانێت شۆڕشێکی تەواوکار و سەرکەوتوو بێت.

من لەو بڕوایەدام لە هەردوو شۆڕشی جەماوەری میسرو تونسدا نمونەی ڕوون لەمبارەیەوە بینران، لە کاتێکدا کە هەندێک لە حزب و هێزە خاوەن ئایدۆلۆژیاکان دەیانەوێت لەسەر حسابی حزبەکانی تر کە هەوڵ بۆ نوێگەری و پێشکەوتن دەدەن، خۆیان پێشەنگ بن و دەسەڵات بگرنە دەست. هەر لەم شۆڕشانەشدا سنەمکارەکەی ناو ناخی مرۆڤەکان لە ڕووداوە دڵتەزێن و تراژیدیاکانی میسردا دەرکەوت کاتێک ئەپارتمان و دامودەزگاکان دەسوتێنران و بەتاڵان دەبران، بەڵام تەنانەت سوتاندنی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیش لەو وڵاتەدا هەرگیز چارەسەرێکی مەدەنیانە نییە و لەگەڵ پەیمانی ئاشتیخوازانەی شۆڕش و شێوازی شارستانییانەی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕدا یەکناگرێتەوە.

لەبەرئەوە پێویستە شۆڕشگێڕەکان بەسەر ئەو سنەمکارە بچکۆلانەیەدا زاڵ بن، کە لەناو ناخیاندا خۆی مەڵاس داوە، بەڵکو پێویستە لە هەموو ئەوجۆرە ڕق و کینانە خۆمان دەرباز بکەین، کە ئەو سنەمکارە خۆحەشاردەرە بەرهەمی دێنێ، واتا پێویستە شۆڕش لە دژی ئەو سنەمکارە بچکۆلانەیە بکەین، کە لەناو ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە ئینجا ئامانجەکانی دیکەی شۆڕش جێبەجێ بکەین، چونکە دواجار سنەمکاری بچوک بەهۆی سنەمکاری گەورەوە گەشە دەکات.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی ٢٠١٣/٩/١٤